# شنگال (سنجار) لە سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی دا

بژار عوسمان ئەحمەد

زانکۆی کۆیە - هەرێمی کوردستان/ عیراق

پ. ی. د. عبدالواحید جەلال نوری

کۆلێژی زانستە مرۆییەکان -زانکۆی نێودەوڵەتی ئیسلامی/مالیزیا

**پوختە:**

ئەولیا چەلەبی زۆرترین تەمەنی لەگەڵ گەشت و گەران بەشاران و وڵاتانی جیهاندا بەسەر برد، بەتایبەت ئەو شوێنانەی کە کەوتبونە ژێردەستی دەوڵەتی عوسمانی، کە یەکێک لەو ناوچانەش شنگال و ناوچەکانی کوردستانە، ئەگەرچی وەرگرتنی ئەرکی جیاواز و تایبەت لەناو کاروباری دەوڵەتی عوسمانی و سوپادا هۆکارێک بوو، بۆ گەشتە زۆر دوور و درێژەکانی، لەهەمان کاتیش دا خۆی حەزی بە گەشت و گەران هەبوو، لەگەڵ ئەمەش دا لە هەریەك لەو شوێنانەی سەردانی دەکرد، گرنگی بەژیانی ئابوری و ئاینی و کۆمەڵایەتی و مێژوو و جوگرافیای ناوچەکە دەدا، کاتێک لەگەڵ سوپای عوسمانیش دێتە شنگال، هەمان میتۆدی نوسینەوەی کتێبەکەی لەبارەی گەلان و ناوچەکانیتر لە بارەی شنگال و خەڵکی ناوچەکە تەبیق دەکات.ئەم توێژینەوەی ئێمەش هەوڵێکە بۆ پیشاندانی شنگال و دانیشتوانی ناوچەکە لە روانگەی ئەولیا چەلەبییەوە. هەر بۆیە ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکیەك و سێ تەوەرەی سەرەکی و چەند لقێک پێکدێت، بەشێوەیەك کە لەتەوەری یەکەمدا باسمان لە ژیانی ئەولیا چەلەبی و کتێبەکەی (سیاحەتنامە) و هۆکارەکانی گەشتکردنی کردووە، لەتەوەرەی دووەمدا ئاماژەمان بە شنگال لە سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی کردووە، لەتەوەرەی سێیەمیش دا باسی ژیانی ئاینی و کلتوری خەڵکی ناوچەکەمان کردوە، کە تیایدا ئاین و خۆراك و جل و بەرگی خەڵکی شنگالمان لەروانگەی کتێبی سیاحەتنامەوە شیکردۆتەوە.

**پەیڤێن سەرەکی:** *ئەولیا چەلەبی، سیاحەتنامە، شنگال، سنجار، یەزیدی.*



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## پێشەکی:

نوسینی گەریدەکان سەرچاوەی گرنگی مێژوویی پێکدەهێنن لە لێکۆڵینەوە مێژووییەکاندا، کە ئەمانەش وەکو بەڵگەنامە مێژووییەکان گرنگن و ڕەنگە لەهەندێ کاتدا بایەخییان زیاتریش بێت، لە ڕاستیدا کتێبەکانی گەریدەکان، توێژەرانی مێژوویی بەشێوەیەکی زۆر بەکار دەخات و هەواڵیان پێدەدات، لە بارەی داخستنی زۆرێک لە کون و کەلەبەرەکان بە زانیارییە مێژووییەکان لەبارەی ڕەوشی کۆمەڵگە مرۆییەکان لە ڕابردوودا، ئەمەش جۆرە زانیارییەك لەخۆدەگرێ کە لە کتێب و بەڵگەنامە مێژووییەکاندا بەردەست نین، بەتایبەتی لەو زانیاریانەی کە بەورد و درشتی لە بارەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و کۆمەڵگا و باسکردن و ناساندنی شارەکان و ڕێگە بازرگانییەکان و جگەلە هێنانەوەی هەندێ لە زانیاری ڕاستەخۆ لە ڕووداوە مێژووییەکان یان گێڕانەوەی نزیک لەو سەردەمە کە لەنێوان خەڵکدا لە بارەی ئەم ڕوداوانەوەی ئاڵوگۆڕی پێکراوە. گرنگی کتێبەکانی گەریدەکان کاتێ زیاد دەکات، کە زانیارییەکانیان لەبارەی سەردەمێکی مێژوویی کە زانیاری زۆری لەبەردەست نەبێت، لەوانە: لە بارەی ڕەوشی کۆمەڵگەی کوردی و کوردستان لە قۆناغەکانی سەرەتای سەردەمی سەروەری دەوڵەتی عوسمانیدا، کتێبی (سیاحەتنامە)ی ئەولیا چەلەبی لە دیارترین سەرچاوەکانە لە بارەی ڕەوشی کۆمەڵگەی کوردی لەسەدەی حەڤدە، جگە لە کۆمەڵگەکانیتر کە ئەولیا چەلەبی سەردانیکردون لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەوروپا، لەمیانەی گەشتەکانی کە سالآنێکی درێژی لە ژیانی داپۆشیوە، ئەم دەستنووسانەی ئەولیا چەلەبیش ماوەیەکی درێژ نییە کەوتوتە دەستی توێژەران، لەگەڵ ئەوەی لە کوردستاندا چەند سەرچاوەیەك لەبارەی سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبییەوە نوسراوە، کە باس لە ژیانی هەمە لایەنەی کوردستان دەکات لەروانگەی سیاحەتنامەوە، بەڵام ئەم سەرچاوانە پشتیان نەبەستوە بە دەقی ئۆرجینالی دەستنووسەکەی ئەولیا چەلەبی، بۆیە هەندێ کەموکوری لە گەیاندنی زانیارییەکانی ئەولیا چەلەبی لەبارەی کوردستان بەگشتی و شنگال بەتایبەتی بەدی دەکرێت، وە لەم کاتەدا تێروانی ئەولیا چەلەبی و دەولەتی عوسمانیش بۆ شنگال و خەڵکەکەی بەروونی نابینرێت، بەڵام لەم توێژینەوەیە دا تیشک دەخەینە سەر شنگال لەروانگەی خودی دەستنووسەکەی ئەولیاوە، کە تیایدا باس لە هەڵکەوتەی جوگرافی شنگال و هۆکاری ناونانی بە (سنجار) و مێژووی ئەم شوێنە و ژیانی ئاینی خەڵکی ناوچەکە و ژیانی کۆمەڵایەتی و کلتوری ناوچەکە دەکەین، ئەویش بە پشت بەستن بە چەند میتۆێکی زانستی لە پێش هەمویان میتۆدی مێژوویی و خستنەڕو و شیکردنەوەی دەقی دەستنووسەکەی ئەولیا و بەڵگەنامە عوسمانییەکان وەکو سەرچاوەی یەکەم، هەروەها بەکارهێنانی سەرچاوە زانستییەکانیتری وەکو لێکۆڵینەوە زانستییەکان و



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

تێزی ماستەر و دکتۆراکان کە باس لە شنگال و خەڵکەکەی دەکەن. لەگرنگترین ئەو سەرچاوانەش کە لەمبارەوە نوسراون ( Mustafa Alpaslan, Evliya Çelebi Seyahatnamesi'nde Kürtler)وە (Yurdaer ABCA, "Yezidilik ve Osmanlı Yönetiminde Yezidiler") کە نمونەی سەرچاوەی گرنگی ئەم توێژینەوەیەن. هاوکات چەندین سەرچاوەیتر بەکارهێنراون، کە لەلیستی سەرچاوەکاندا ئاماژەیان پێکراوە.

لەگرنگرتین ئەو دەرئەنجامانەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا پێی گەیشتوین بریتیە لە هۆکاری هاتنی ئەولیا چەلەبی بۆ شنگال زۆر جیاوازترە لە هۆکاری گەشتەکانیتری ئەولیا چەلەبی بۆ کوردستان، چونکە ئەولیا لەگەڵ سوپای عوسمانییەکان هاتووە بۆ شەری یەزیدییەکانی ناوچەکە، بەڵام لە سەردانی شوێنەکانیتری کوردستاندا، زیاتر مەبەستی بینین و گەشتکردن بووە، یاخود بە مەبەستی ئەنجامدانی ئەو کارەی پێی راسپێردراوە. هەروەها سەرەرای ئەوەی ئەولیا چەلەبی هەستێکی دوژمنکارانەوە بەرامبەر بە یەزیدییەکان دەنووسێت، بەڵام دان بە ئازایەتی و لێهاتوویی یەزیدیەیکان دەکات لە مەیدانی شەڕ وە لە نیشانە شکێنیدا. سەرەڕای بەکارهێنانی چەندین ناوی جۆراوجۆر بۆ یەزیدییەکان، وەکو: ساچلی، سەگ پەرست، کافر، چەکوانی..هتد، ئەوا بە کوردیشیان هەژمار دەکات و بە کوردی یەزیدی ناویان دەبات.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## تەوەرەی یەکەم

# ژیانی ئەولیا چەلەبی و کتێبەکەی (سیاحەتنامە) و هۆکارەکانی گەشتکردنی

### یەکەم: ژیانی ئەولیا چەلەبی:

گەریدەی عوسمانی ئەولیا کوڕی دەروێش محمد زللی بە ئەسل خەڵکی شاری کوتاهیە[١] یە، لە ١٠ ی موحەرەمی ساڵی ١٠٢٠ك / ١٦١١ز لە خانوە وەقفەکانی (ساغجلەر) لە ئون قابی لە استانبۆڵ لەدایکبووە.[٢] لەبارەی لەدایکبوونییەوە لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەی (سیاحەتنامە)دا هەمان ئاماژە بە بەرواری لەدایکبوونی خۆی دەکات و دەڵێت لە مزگەوتی (یەنی جامع) هاتۆتە دونیاوە،[٣] ئەولیا لە ژیانی خۆیدا هیچ هاوسەرگیری نەکردووە، هەرچەندە بۆ ئەمە لەوانەیە بەردەوامی گەڕان و گەشتکردنی کردنی هۆکارێک بێت بۆ هاوسەرگیری نەکردنی[٤] ، بەڵام سەرچاوەیەکیتر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەولیا دەکەوێتە داوی عەشقی کچێکی (ترابزۆن)یدوای ئەوەی ئەولیا توشی هەندێک کێشە دەبێت لەوناوچەیە[٥]، ئەوا ئەم کچەی نادەنێ و ئەویش دواتر ئەم شارە جێدەهێڵێت، بەڵام بۆ ئەم بابەتە لە هیچ سەرچاوەکیتردا ئاماژەی بۆ نەکراوە و و هیچ سەرچاوەیەکی بەهێز پشت ڕاستی ئەم قسەیەی نەکردووە.[٦]

سەبارەت بە کات و شوێنی لەدایکبوونی ئەولیا، ڕای جیاواز هەیە لەنێوان نوسەراندا، هەندێکیان دەڵێن ئەولیا لەتەمەنی ٧١ ساڵی و لەساڵی ١٦٨٢ لە ئەستانبوڵ کۆچی دوایی کردووە[٧] ، هەندیکیتر دەڵێن لەو کاتەی لەمیسر دەگەڕیتەوە لە ساڵی ١٦٨٢ کۆچی دوایی کردووە، هەندێکیتر دەڵێن لە ساڵی ١٦٨٤ کۆچی دوایی کردووە و بەشداری ئەو گەمارۆیەی دەوڵەتی عوسمانی کردووە کە بۆسەر شاری ڤیەننای پایتەختی نەمسا ئەنجام دراوە.[٨]

سەبارەت بە شەجەرەی بنەماڵەکەشی، ئەولیا خۆی دەگەڕێنێتەوە بۆنەوەی پێغەمبەر (د.خ)[٩] هەروەها خۆی دەگەڕێنێتەوە بۆنەوەی (ئەحمەد یەسەوی)[١٠]، هەروەکو لە بەرگی شەشەمی کتێبەکەیدا زنجیرەیەك لەناوی باوك و باپیرانی دەژمێرێت و دەڵێت" دەروێش زللی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

کوڕی قەرە ئەحمەد کوڕی دەمیرجی زادە قەرە مستەفا کوڕی یاوز کوڕی ئەجە یەعقوب کوڕی ئەلوەردی ئاکای کوڕی محمد کریمانی کوڕی مامۆستا ئەحمەد یەسەوی کوڕی محمد حەنەفی تا ئیمام زەین العابدین کوڕی ئیمام حوسەین کوڕی ئیمام عەلی و فاتیمەی زەهرا کچی پێغەمبەر (ص)".[١١]

باوکی ئەولیا، واتە دەروێش محمد زللی، سەرۆکی زێرنگرانی سەرای عوسمانی و دایکیشی ناوی ئەبازەیە، کەس و کاری ئەمیش لە ناو سەرای عوسمانی و دەوڵەتدا کاربەدەست بوون.[١٢]

سەبارەت بە ژیانی زانستی و ئاینی ئەولیا، دەبینین ئەم دوولایەنە پەیوەیستەی یەکترین لەژیانیدا، ئەو هەر لەمنداڵیەوە وەکو کەسێکی زیرەك و لیهاتو دەرکەوتوە و یەکەم قۆناغی خوێندنی لە قوتابخانەی گەرەکەکەی خۆی (مەکتەبی سبیان) خوێندویەتی و زانستە ئیسلامیەکانی لەوێ خوێندووە، دواتر لە ناوچەی ئون قاپی لە ئەستانبۆڵ لە مەدرەسەی شیخ الاسلام (حەمید ئەفەندی) دەرسی خوێندوە. هەروەها بۆ ماوەی حەوت ساڵ لەسەردەستی مامۆستا ئەفاش ئەفەندی دەرسی خوێندوە[١٣] ئەولیا هەروەکو خۆی دەڵێت لە لای چەندین مامۆستا دەرسی خوێندوە و لە لای مامۆستا محمد ئەفەندی قورئانی لەبەر کردووە، هەروەها دواتر لە قوتابخانەی شادی زادە (دارالقرائی شادی زادە) بۆماوەی ١١ ساڵ دەرسی خوێندوە، هەروەها لە سەردەستی باوکی فێری خۆش نوسی و جوان نوسی لەسەر بەرد هەڵکەندن بووە.ئەولیا لە شاگردەکەی باوکیەوە فێری زمانی رۆمی بووە، هەرموەها زمانەکانی عەرەبی و فارسی و فیربووە و لە برادەرێکی باوکیەوە بەناوی وەستا سیمۆن زمانی لاتینی و یۆنانی فێربووە.[١٤]

## دووەم: کتێبی سیاحەتنامە:

ئەم کتێبەی ئەولیا پێکهاتووە لە ١٠ بەرگ، کە تیایدا هەموو ڕووداوە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینییەکانی سەردەمی خۆی و هەندێ ڕووداوی پێش سەردەمی خۆی باسکردووە، ئەم کتێبە لەماوەی زیاتر لە ٥٠ ساڵ لە گەرانی لەسەرجەم ناوچەکانی دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتەکانی دراوسێی دەوڵەتی عوسمانی لەم کتێبەیدا باسیکردووە، هەرچییەکی بە چاوی خۆی بینیبێت لەم کتێبەیدا زۆر بە وردی زانیارییەکانی خستۆتەڕوو، وە لە باسکردنی هەندێک شتدا پشتی بەستووە بە گێرانەوەکان و لە نووسینەکانیدا هەست بەوە دەکەین کە کامە زانیاری و کامە شوێن بە چاوی خۆی بینیویەتی و کامەی تەنها بە گوێرەی زانیارییەکانی خۆی نووسیویەتی.[١٥]



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

سەبارەت بە كورد بە گشتی و لێكۆڵینەوەكەی ئێمە بەتایبەتی لە بەرگی چوارەمی كتێبەكەیدا زۆر بەوردی باس لە ژیانی شارستانی و ئاینی و كلتوری و سیاسی و كۆمەلآیەتی كورد لەسەدەی ١٦و١٧ز دەكات. بۆ ئەمەش سەرچاوەیەكی گرنگی لێكۆڵینەوەكەمانە كە و تیایدا باس لە سەرجەم شار و شارۆچكەكانی هەرچوار پارچەی كوردستان دەكات بە گشتی و باس لە خوێندنگا و زانستەكانی ئەوكاتی دەكات بە شێوەیەكی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ.[١٦]

سەبارەت بە هۆكاری نووسینی ئەم كتێبە گەورەیە كە وەكو ئینسكلۆپیدیایەكە، بۆ زانینی مێژوو و شارستانییەت و كلتورە جیاوازەكانی زۆربەی ولآتانی ئەوكات لە سەدەی ١٧ ی زاینی، ئەوا دەگەریتەوە بۆ پێش دەسپێكردنی گەشتەكانی، بەتایبەتی بۆ خەونێكی كە شەوێك لەخەونیدا لە مزگەوتی (كاهی چەلەبی)دا پێغەمبەر (د.خ) و هەندێك لە هاوەلآنی لەوێدا نوێژ دەكەن و ئەویش لەبەر بینینی ئەوان دەشڵەژێ و داوای شیفای نەخۆشی لە پێغەمبەر (د.خ) دەكات و لەجیاتی بڵێ (شەفاعەت یا رسول الله)، ئەوا دەڵێت (سەیاحەت یا رسول الله)، بەمەش پێغەمبەر (د.خ) زەردەخەنەیكی بۆ دەكات و دواتریش سەحابەی پێغەمبەر (سەعدی كوڕی ئەبی وەقاس) تۆزێك پیاسە بەو دەكات و ئامۆژگاری دەكات كە سەرجەم ئەو شتانە بنووسێتەوە كە لە كاتی گەشتكردنیدا دەیبینێت.[١٧]

## سێیەم: هۆكاری گەشتكردنی ئەولیاچەلەبی بەناوچەكانی كوردستان بەگشتی و شنكال بەتایبەتی

سەبارەت بە هۆكاری هاتنی ئەولیا بۆ ناوچەكانی كوردستان دەتوانین بڵێین بە هۆی كورە پورەكەیەوە (مەلەك ئەحمەد پاشا) بووە كە پێشتر پلەی (سەدری ئەعزەم)ی هەبوو لە دەوڵەتی عوسمانی، دواتر لە ساڵی ١٦٥٥ دەبێتە والی ویلایەتی (وان)[١٨]، دواتریش هێرش دەكاتە سەر عەبدال خانی بەتلیس، دواتریش مەلەك ئەحمەد پاشا، ئەولیا وەكو باوڵوێز (سەفیر – بیوك ئەلچی)ی دەوڵەتی عوسمانی بۆلای والی شاری تەبریز دەنێرێت.[١٩] هەرچەندە هەندێك سەرچاوە ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كاتێك مورتەزا پاشا دەبێت بە (والی بەغدا) لە ساڵی ١٦٤٨ ئەمە دەبێتە دەرفەتێكی باش بۆ ئەولیا چەلەبی تاكو گەشت و گوزار بۆ سەرجەم ناوچەكانی كوردستان بكات.[٢٠] بەلآم ئێمە ئەم بۆچونە بەراست نازانین، چونكە ئەم هۆكارەمان لە دەستنوسە ئۆرجینالەكەی ئەولیا چەلەبیدا نەبینی، بەڵكو بۆچونێكیتر بە ڕاستتر دەزانین ئەویش: هاتنی بۆ ناوچەكانی ویلایەتی شارەزوور و موسڵ لە دوای گەشتكردنی لە تەبریزەوە بۆ عێراق و دواتریش هاتنی بۆ باشووری عێراق ( هەر لە بەغدا[٢١] تاكو بەسرا) گەڕاوە و دواتریش گەرانەوەی بۆلای



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكولینێن كوردی

مەلەك ئەحمەد پاشا وایکرد دەرفەتێکی باش بۆ گەشت و گەڕانی ناوچەکانی ویلایەتی شارەزوور و موسڵ و شنگال بڕەخسێنێت، هەروەها لەهۆکاری هاتنی بۆ ناوچەکانی شنگال دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەولیا چەلەبی بەشداری لە هەڵمەتێکی سەربازی دەوڵەتی عوسمانی بۆ سەر ناوچەکانی شنگال و لە شەڕی ئێزیدی (یەزیدی)[22]دا سودمەند بووە، لەگەڵ ئەمەشدا بە هۆی حەزی خۆی بۆ دیتنی ناوچەکان یاخود ئەو ناوچە کوردییانەی کەوتونەتە سەر ڕێگای ئەو، بەو شار و قەلآ و گوندانەدا تێپەڕیوە و یەك یەك لە کتێبەکەیدا باسیکردون، بەمەش دەبینین هەندێکیان تەنها زانیاری گشتی لەسەر باسکردون و لە هەندێکیتردا زانیاری وردی لەسەر باسکردون.[23] لەگەڕانەوەشیدا لە بەغداوە لەگەڵ هاوسەفەرەکەی (یوسف کەتخودا) بەرەو شارەکانی کەرکوك، هەولێر، ئاکرێ[24]دواتریش شاری ئامێدی[25] بەڕێکەوتوە و دواتریش بەرەو جەزیرە و میافارقین، لە دوای ئەوانیش باسی گەشتەکەی بۆ موسڵ دەکات[26]، بەلآم هۆکاری گەشتەکەی و چۆنییەتی گەشتکردنەکەی باس ناکات، تەنها زانیاری ورد دەدات بە دەستەوە لە بارەی  شاری موسڵ و تکریت. بەمەش پێدەچی ئەم دوو شارەی بینیبێت.

ئەولیا سەرەتای گەشتەکەی بەرەو کوردستان بە کەرکوکدا[27] دەستپێدەکات و دواتریش بە دەوروبەری هەولێردا تێپەڕدەبێت، چونکە هەندێ زانیاری دەبارەی قەلآی هەولێر و شاری هەولێر بە ئێمە دەدات، کە ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە بە ناوچەکەدا تێپەڕ بووە، بەلآم نەچوەتە ناو قەڵای هەولێر و تیایدا نەماوەتەوە. کە لە بارەی قەلآی هەولێر[28]ەوە دەڵێت " شێوەی زەمینی قەلآی هەولێر بەیان دەکەین: لایەنی ....[29] دەرگای هەیە. لە نزیکی ئەم قەلآیە دوو زێ هەیە کە پێی دەڵێن (زێی گەورە و زێی بچووك) لە نێوان ئەم دوو زێیە دا زەوی تەختانی هەیە و لە ناوەراستی دا قەلآیەکی شێوە چوارگۆشە هەیە، ئەم قەلآیە لە لای قیبلەوە دوو ڕۆژە ڕێ لە قەلآی موسڵەوە دوورە، هەروەها لە لای ڕۆژهەلآتی ئەم قەلآیەوە قەلآی کەرکوك هەیە کە دوو مەنزڵ ڕێگای نێوانیانە. لە دەرەوەی ئەم قەلآیە تاکو ئێستا شوێنەواری کۆن ماوە تەنانەت مزگەوتێکی گەورە و منارەکەشی تاکو ئێستا شوێنەواریان ماوە".[30]

لێرەدا ئەوەی بۆمان دەردەکەوێت ئەولیا ئەم قەلآیەی بینیوە، هەربۆیە توانیویەتی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی قەلآیەکە دیاربکات و زانیاری وردی لە سەری بدات. ئەم گەشتەی ئەولیا بۆ باشوری کوردستان بەگشتی لە نێوان سالآنی ١٦٥٥ -١٦٥٦ز دا بوو. هەروەکو خۆی باسی دەکات لەگەڵ یوسف کەتخودا[31] لەبەغداوە بەرەو شارەزوور و دواتریش بەرەو ئاکرێ و ئامێدی رۆیشتونە.[32] سەبارەت بە کاتی گەشتەکەشی بۆ ناوچە کوردییەکان دیارە کە لە کۆتایی وەرزی زستان و سەرەتای وەرزی بەهاردا بووە، هەروەکو دەبینین کاتێک باسی شاری



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئامێدی دەکات، ئەوا زانیاری لەسەر یادی ڕۆژی نەورۆز و ڤیستڤاڵ و چالاکی جۆربەجۆری خەڵکی شارەکە دەکات بە بۆنەی ڕۆژی نەورۆزەوە.

ئەوەی لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەولیا چەلەبی گەشتێکی فراوانی بەناوچەکانی باشوری کوردستان دا کردوە و بەهۆکاری جیا جیا سەردانی کوردستانی کردوە، لەگەلأ ئەمەش دا جیاوازی هەیە لەهۆکاری هاتنی بۆ شنگال کە مەبەست لێی بەشداریکردن بووە لە لەگەڵ هەڵمەتی سوپای دەوڵەتی عوسمانی، لەکاتێکدا بۆ لەگەشتی بۆ ناوچەکانیتری باشوری کوردستان دا، تەنها ئامانجی بینین و گەشتکردن بووە بۆ ناوچەکانی باشوری کوردستاندا.

## تەوەرەی دووەم

## شنگال لەسیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی دا

### یەکەم: ناوی شنگال (سنجار) لە کتێبی سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی دا

ئەولیا چەلەبی لەبارەی ناوی شنگالەوە دوو بۆچوون دەردەخات، یەکێک لەوانە دەیگەڕێنێتەوە بۆ لافاوەکەی سەردەمی پێغەمبەر نوح، کە گوایە کەشتییەکەی نوح زۆر دەجولا لەگەڵ شەپۆلی ئاو، تەنانەت دەگاتە ئاستی شاخەکانی شنگال کە شاخی نوك تیژن، بەمەش کەشتییەکەی کون دەکات و مەترسی لەسەر کەشتییەکەی دروست دەبێت، بۆیە پێغەمبەر نوح ئاماژە بۆ شاخی شنگال دەکات و بە شاخی (سن) بەمانای ددان یاخود تیژ ناوی دەبات و دەڵێت "هژا جبل سین جور" ئەمە کێوی ستەم و تیژە، بۆیە ناوی سنجار (شنگال) لەمەوە هاتوە.[٣٣] هەروەها بۆچونەکیتر باس دەکات، کە ناوی سنجار دەباتەوە سەر ناوی مەلەك سنجاری کوری دارا شاهـ، لە چیرۆکەکەیدا ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە یەکێک لە کەنیزە گۆرانی بێژەکانی داراشاهـ زگی دەبێت لە دارا شاهـ، وە ئەستێرە ناسەکانیش پێی دەڵێن ئەگەر تۆ لەم کەنیزەیە منداڵت ببێ، ئەوا دەبێتە پاشایەکی زۆر بەهێز، بۆیە پێویستە ئەم منداڵەت بشاریتەوە. کاتێ منداڵەکە لەدایکبو ناوی لێنرا (سنجار)، دواتریش بو بە پاشایەکی بەهێز و چەندین ناوچەی خستە ژێر دەستی خۆی و قەڵای سنجاریشی کردە شوێنی نیشتەجێبونی، بەمەشئەم ناوچەیە ناونرا سنجار (شنگال).[٣٤]



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## دووەم: هەڵکەوتەی جوگرافی قەڵای شنکال

ئەولیا لەبارەی ئەم قەڵایەوە دەڵێت "دروستکەری ئەم قەڵایە ئەندازیارێک بوو کە لە حەلەب قەڵای مەعرەتومانی دروست کردووە، ئەم قەڵایە لەسەر شاخێکی بەرزە و درێژە، ئەم قەڵایە شوێنی نیشتەجیبوونی حەوت هەزار کەسی تێدا دەبێت، لەناو قەڵاکە دا باغ و باخچە و سەرچاوەی ئاوی تێدایە، ئێستاش خەڵکەکەی بەگشتی کورد و عەرەبن، لەم قەڵایەدا کەتخودا و سیپاهی و سەرکردەی یەنیچەری تێدایە، لەم قەڵایەدا، مزگەوتێک و مەدرەسەیەك و حەمام و بازاریشی تێدایە. ئەم قەڵایە لە ناوەراستی جەزیرەی دیجلە وە لەناوچەیەکی دەشتایی تەختدایە، هۆزی عەرەبی (تەی) لەم قەڵایە نیشتەجێن، ئەم قەڵایە دەکەوێتە باشوری قەڵای نسیبین، هەروەها دوو رۆژە رێ بەخێرایی و سێ رۆژە رێ بەهێواشی لە موسڵەوە دورە، کە دەکەوێتە رۆژئاوای موسڵەوە، هەروەها روباری سەرسار کە لیقێکی روباری هرماسە دەگاتە دۆڵ و دەشتاییەکانی شنکال، کە سەرچاوەی ئەم روبارەش لە نسیبینەوە دێت".(٣٥)

## سێیەم: شنکال لە پێکهاتەی کارگێری دەولەتی عوسمانی -ویلایەتی موسڵ دا:

هەروەکو ئەولیا چەلەبی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کەوا ویلایەتی موسڵ، لە دوای سەرکەوتنی عوسمانییەکان لە شەڕی چالدێران کەوتە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانییەوە، بەڵام لەسەردەمی شاعەباسی یەکەم، لەساڵی ١٦٢٤ کەوتە چوارچێوەی دەوڵەتی سەفەوییەوە.(٣٦) هەروەها لەساڵی ١٦٣٨ز لەکاتی هەڵمەتی سوڵتان موڕادی چوارەم وە بە فەرماندەیی خەسرەو پاشا ویلایەتی موسڵ کەوتەوە سنووری دەوڵەتی عوسمانی.(٣٧)

موسڵ لە سەرەتادا هەر لە ١٥١٨ بەدواوە وەکو سەنجەقێک سەر بە ویلایەتی دیاربەکر بوو،(٣٨) لە دوای هەڵمەتەکەی سوڵتان سلێمان قانونی لە ١٥٣٤ بۆ ناوچەکە ئەوا موسڵ وەکو لیوایەك خرایە سەر ویلایەتی بەغدا.(٣٩) لە دوای ئەمەوە چەندین جار لیوای موسڵ دەکەوتە سەر ویلایەتی بەغدا یاخود ویلایەتی شارەزوور، تاکو لەدواییدا بوو بە ویلایەتێکی سەربەخۆ.(٤٠)

لە ساڵی ١٥٤٤ز بەدواوە موسڵ وەکو لیوایەکی سەربەخۆ خاوەنی چەند سەنجاق یاخو لیوایەك بوو، لەوانە لەماوەی نیوان ساڵانی ١٥٤٤ -١٥٤٩ز دا بریتی بوو لە چەند لیوایەك، لەوانە: لیوای موسڵ (کەپایتەختی ویلایەتەکەش بوو)، تکریت(٤١)، کوشاف، عانە، زاخۆ. دواتر لەساڵی ١٥٨٦ ز موسڵ بۆ یەکەمجار دەبێت بە ویلایەتێکی سەربەخۆ و ئەحمەد پاشا دەبێت بە یەکەمین بەگلەربەگی (والی) موسڵ. دواتریش لە ٣٠/ئەیلول ١٦٨٧ (حسین کوڕی جانپۆلاد) بوو بە والی موسڵ.(٤٢) لە ئەرشیفی دەوڵەتی عوسمانیدا، لە دەفتەری تایبەت بە ویلایەتی موسڵدا لە ژمارە ٢٦٢



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لەنێوان ساڵانی ١٦٨٧ -١٦٨٨ ز دا ئەم ویلایەتە خاوەنی هەشت لیوابووە، لەوانە: لیوای موسڵ، لیوای هەولێر[٤٣]، لیوای ئێسکی موسڵ (موسڵی کۆن)، لیوای نصیبین، لیوای سنجار (شنگال)، لیوای باجوان، لیوای قەڵای ئاغجە، لیوای زاخۆ.[٤٤] بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لەسەدەی ١٧ز وە بەتایبەتی لەسیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی دا، ویلایەتی موسڵ بە حەوت سەنجاق و وەزیری سێ توق (هێمایەکە بۆ دیاریکردنی پێگەی ویلایەتەکان لە ناو دەوڵەتی عوسمانی) هەژمارکراوە، وە شنگالیش لە چوارچێوەی ویلایەتی موسڵ هەژمار نەکردوە.

هەروەها بە پێی قانوننامەی سوڵتان سلێمان قانونی داهاتی زەوی خاس بە شەش سەد و هەشتا هەزار ئاقچە دانراوە، وە لەویلایەتدا بە چل و دو هەزار قروش دانراوە، هەروەها بە سێ سەد و چل پارە دانراوە. بەمەش پادشا و ویلایەت خاس سوباشی هەیە هەروەها لەکاتی سەفەرەکاندا[٤٥]، بە سێ هەزار سەربازی تەواو چەکدارەوە بەشداری شەڕەکەن. ئەولیا لەبارەی موسڵەوە دەڵێت" ئەیالەتی موسڵ حەوت سەنجاقە، لەوانە: لیوای موسڵ کە تەختی پاشا (واتە والی) لەوێیە، هەروەها لیوای تکریت، سەنجەقی باجیوانلی، ئێسکی موسڵ، هەرون، لیوای بانە[٤٦]، وە سەنجاقی موتوفداغی، ئەو حەوت سەنجاقە سابت نییە، بەڵکو هەندێکات دەکەونە سەر بەغدا و هەندێکات دەکەونە سەر حللە، لەم ویلایەتەدا ئالآبەگ، چەری باشی، زەوی تیمار وە زەعامەتی هەیە، لەکاتی شەڕدا لەم ویلایەتەدا نۆ هەزار سەربازی پڕچەکی ئامادە دەبێت. داهاتی خاسی میری باجوانلو ٢١٥ هەزار ئاقچەیە، هەروەها خاسی میری تکریت ٢١٧،٢٨٤ ئاقچەیە، هەروەها خاسی میری هەرون ٢٠٠ هەزار ئاقچەیە، خاسی میری بانە ٢٠٠ هەزار ئاقچە وە خاسی میر موتوفداغ ٢٠٠ هەزار ئاقچەیە".[٤٧]

لێرەدا ئەوەی دەیبینین ژمارەی سەنجاق -لیوایەکانی ویلایەتی موسڵ بەپێی کاتەکان دەگۆڕێن، تەنانەت لە کتێبی جیهان نومای (کاتبی چەلەبی)دا ژمارەی سەنجاقەکانی ویلایەتی موسڵی بە شەش دانە هەژمار کردووە و بە لیوا ناویبردون، لەوانە: لیوای موسڵ، لیوای ئەسکی موسڵ، لیوای باجوانلو، لیوای تکریت، لیوای بانە، لیوای قەرەداسنی.[٤٨] لەگەڵ ئەمەشدا هەندێ لە سەنجاقەکان لە هەندێک کاتدا سەر بە ویلایەتەکانیتر بوونە، بۆنمونە: سەنجاقی هەولێر (أربیل) هەندێکات سەر بە ویلایەتی شارەزوور بووە و هەندێکات سەر بە ویلایەتی موسڵ بووە.[٤٩] هەروەها سەنجەقی سنجار (شنگال) کە ئەویش هەندێکات سەر بە ویلایەتی موسڵ و هەندێکات سەر بە ویلایەتی دیاربەکربووە.[٥٠]



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

# تەوەرەی سێیەم

## لایەنی ئاینی و کلتوری شنکال لەسیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی دا

### یەکەم: لایەنی ئاینی خەڵکی شنکال(ئاینی ئێزیدی -یەزیدی):

ئەگەرچی لە ناوچەکەدا بەشێکی کەم موسڵمانیش هەن، بەڵام ئەولیا چەلەبی لە شنگال دا تەنها ئاماژەی بە ئێزیدییەکان داوە، سەرەرای ئەوەی بیر و ڕای جیاواز دەربارەی ناوی (ئێزیدی، یەزیدی) وە مێژووی ئەم ئاینە هەیە، وە لەبەر ئەوەی ئەولیا چەلەبی لە کتێبەکەیدا بە (یەزیدی) ناویان دەبات، هەروەها لێکۆڵینەوەکەی ئێمەش لە روانگەی ئەولیا چەلەبیەوەیە، بۆیە ئێمەش وشەی (یەزیدی) لە لێکۆڵینەوەکەماندا بەکار دێنین.دەربارەی ئەم ئاینەش دوو بۆچون هەیە:

**یەکەم:** هەبوونی ئەم ئاینە بۆ سەدەکانی پێش زایین دەگەڕێننەوە.

**دووەم:** هەبوونی ئەم ئاینە بۆ سەردەمی شێخ عەدی[٥١] دەگەڕێننەوە.

دوای ئەویش لەلایەن نەوەکەیەوە شێخ حسن ئەم تەریقەتە گەشەی پێدراوە. بە پێی زۆرێک لە سەرچاوەکان ئەم ئاینە لە کۆنەوە هەیە و لەگەڵ ئاینی زەردەشتیدا خاڵی هاوبەشی زۆری هەیە، هەندێکیش دەڵێن هەر زەردەشتیەکانن و لە دواتردا بوونە بەیەزیدی.[٥٢] هەندێکیتریش دەڵێن ئەم دینە لە لایەن یەزیدیەوە دروستبووە، کە سەرتا تەریقەت بووە و دواتر دەروێشەکانی کردویانە بە ئاینێکی سەربەخۆ. تەنانەت دوو کتێبی پیرۆزی تایبەت بەخۆیان هەیە بە ناوەکانی جیلیوە و مەسحەفا رەش. ناوەندی سەرەکی یەزیدیەکان ئەمرۆ لە (شنگال)ە کە هەر لە کۆنەوە لەم ناوچەیە ژیاون.

یەزیدییەکان لە سەردەمی عەباسیەکانەوە ڕوبەڕوی کێشە بوونەتەوە و دواتر لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی لەبەر هەندێ هۆکاری سیاسی و ئاینی لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە هێرشیان کراوەتە سەر.[٥٣] لەگەڵ ئەمەش دا میرنشینە کوردییەکانیش لە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەنجامی شەڕەکانی نێوان میرنشینەکاندا هێرشیان کردۆتە سەر میرنشینی داسنی (یەزیدی) و تەنانەت میری محەمەدی سۆران کۆمەڵکوژی زۆری لە یەزیدییەکان کردووە.

لە ساڵی ١٥٣٤ز لەکاتی هەڵمەتەکەی سوڵتان سلێمان قانونی دەبینین حوکمڕانی شاری هەولێر و ناوچەکانی میرنشینی سۆرانی داوە بە میر حسێن بەگی داسنی.[٥٤] لەگەڵ ئەمەش دا لە هەندێ سەرچاوە تورکیەکاندا ئاماژە بەوە دەکەن کە یەزیدیەکان لە ناوچەکانی خۆیانەوە بەبێ کێشە دانەنیشتونە و بەردەوام ڕێگایان لە خەڵکی گرتوە و ڕێگای خەڵکیان بڕیوە و هەوڵیانداوە باج نەدەن بە دەوڵەتی عوسمانی، هەروەها بەردەوام لە لایەن خەڵکی ناوچەکانی دراوسێیانەوە شکایەتیان لێکراوە. تەنانەت لە ساڵی ١٥٨٤ز دا یەزیدییە داسنییەکان هەڵدەستن بە دەست بەسەرداگرتنی ناوچەکانی دەوروپشتی خۆیان و کوشتنی خەڵکانی ناوچەکە و ماڵ و ئەشیای خەڵکیان بە تالآن بۆ خۆیان بردوە. هەروەها بەگی ئێسکی موسڵ لەگەڵ ١٦٦ چەکداری یەزیدی دێنە ناو شاری موسڵ و ئاژاوە دەنێنەوە کە دوکاندارەکان بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ لەترسان دوکانەکانیان ناکەنەوە[٥٥]،هەروەها لە سەرەتاکانی سەدەی ١٧ز دا لە سەردەمی سوڵتان ئەحمەدی یەکەم کە ناسح پاشا وەزیری بوو، ئەوا یەزیدییەکان هێرش دەکەنە سەر سوپایەکی دەوڵەتی عوسمانی و حەوت هەزار سەربازیان لێ دەکوژن.[٥٦]لێرەدا دەکرێت بڵێین کە توێژەرانی تورک تا رادەیەك، بە هەستێکی نادۆستانەی کورد یان یەزیدییەکانەوە ئەمە بڵێن، بەڵام لەگەڵ ئەمەش دا، ئەولیاچەلەبی هەندێ ڕوداویتر باس دەکات لەبارەی یەزیدییەکانەوە کە هەمان ئەو بۆچونانەی ئەوان پشت ڕاست دەکاتەوە، کە لە کۆتاییەکانی سەردەمی حوکمڕانی (سوڵتان مورادی چوارەم) بە سەرکردایەتی والی دیاربەکر (مەلەك ئەحمەد پاشا) هەڵدەستێ بە ڕێکخستنی هەڵمەتێکی سەربازی لە ساڵی ١٦٤٠ بۆ سەر یەزیدییە ساچلییەکان (مەبەست لە ئێزیدییەکانی شنگالە، کە قژیان درێژە)، کە بۆماوەی زیاتر لە سێ شەو و ڕۆژ شەردەکەن، بە هێزەکی ١٠ هەزار کەسی وە بە ٧٠ ئاڵای سوپاوە بەشداری ئەم شەرە کران، کە سەربازەکانی عوسمانی بریتی بوون لە چەرکەس و جۆرجی و ئەبازە و تورك. لەم هەڵمەتەدا ئەولیا چەلەبیش بەشداری کردووە و هاوسەفەری سوپای عوسمانییەکان بووە. کە تیایدا یەزیدییەکان ناچار دەکات بە پێدانی باج بە دەوڵەتی عوسمانی و ڕێگەیان نەدات بەو کارانەی دەیانکرد ئەویش ڕێگرتن لە خەڵك بەگشتی و لە حاجیان بە تایبەتی.[٥٧] ئەولیا کاتێك لە بارەی یەزیدیەکانەوە دەدوێ، بە دوور لە ناوچەی شار و لە ناوچەی شاخاوی ژیانکردنیان ناودەبات و لەوبارەیەوە دەڵێت "لە شاخە دوورەکاندا یەزیدی چەکوانی، خالیدی، باپیری[٥٨] کوردەکان هەنە. ئەوانە سەگیان زۆر خۆش دەوێت بەڕادەیەك بوونەتە سەگ پەرست و ئەگەر هەر یەزیدییەکی لەوجۆرە لە شاری ئامێدی ببینرێت، ئەوا دەکوشترێ".[٥٩] لە بارەی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هەبوونی هێزی سیاسی و چەکداری یەزیدییەکان لە ناوچەکەدا لە سیاحەتنامەدا بە شێوەیەکی کەم ئاماژەی بە دەسەلاَتی داسنییەکان کردووە، تەنانەت هەندێ لە یەزیدییەکانی بە بێ دین و بە بێ مەزهەب هەژمار کردووە.(٦٠)

ئەولیا چەلەبی بە هەستێکی خۆشەویستانەوە بۆ یەزیدییەکان نووسینەکانی نەنووسیووە، و زیاتر هەست دەکەین کە کاریگەری کێشەی ئاینی و کێشەکانی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و یەزیدییەکان کاریگەری هەبووە لەسەر نووسینەکانیاندا، بەلاَم لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەوەی تێبینی دەکرێت لە سەدەی ١٧ز دا یەزیدییەکانیش دژایەتی خۆیان بەرامبەر بە موسڵمانانی ناوچەکانی شنگال و ناوچەکانی دەوروبەری بە گشتی و دەوڵەتی عوسمانی بە تایبەتی نەشاردۆتەوە. ئەمەش دەتوانین لە نووسینەکانی کتێبی پۆل ڕێدریزیدا بەدیبکەین، کە یەزیدییەکان ئامادەی کوشتن و دژایەتی موسڵمانانی ئەوکات بە کورد و تورك و عەرەبەوە بوونە، تەنانەت پۆل ڕێدرێزی کورد و موسڵمانەکانی ناوچەکە بە موحەمەدی ناو دەبات.(٦١) بۆیە لێرەدا دەبێ ئەو بۆچونەمان لەلا دروست بێت، کە هێرشەکانی دەوڵەتی عوسمانی بۆسەر یەزیدییەکان تەنها هەستی داگیرکارییانەی عوسمانییەکان بۆناوچەکە نەبوە، یاخود کێشەیەك نەبوە پەیوەندی بە جیاوازی ئاین (ئیسلام – ئێزدی)یەوە هەبێت، بەڵکو هەندێکات یەزیدیەیکانیش لەدەوڵەتی عوسمانی هەڵگەراونەتەوە و باجیان نەداوە، یاخود تالانکاری غەدریان لە خەڵکی دەورەبەری خۆیان کردوە، چونکە لە دوای ئەولیا چەلەبی بە ماوەیەکی کورت کە ٣٥ -٤٠ ساڵ دوای ئەولیا چەلەبی، زانای فەرەنسی جۆزێف بێسۆن کە لە دەستنوسەکەیدا چەند زایناریەکی بۆ ئێمە بەیانکردووە کە ئەم زانیارییانە لە لایەن پۆڵ ڕێدرێزی (١٨٧٠ - ١٩٣٨)(٦٢)ەوە کاری لە سەر کراوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجامدراوە. زۆربەی ئەو زانیاریانەی ئەولیا بە ئێمەی داوە لە بارەی ڕق لێبوونەوەیان لە موسڵمانان و هەروەها هاوسۆزی یەزیدییەکان بۆ مەسیحییەکان و ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی دەسەلمێنێت.(٦٣)

ئەولیا چەلەبی، لەبارەی یەزیدییەکانەوە بە شێوەیەك باسیان دەکات کە بە کوردی یەزیدی ناویان دەبات و بەڕادەیەك بە فێڵبازی و تەلەکەبازیان دەزانێت، کە دەڵێت"دواتر ئیبلیس لەم شاخی سنجارەدا پێی خۆی قایمکرد و بەمەش کوردەکان لە شەیتان فێڵبازترن".(٦٤) لەگەڵ ئەمەشدا ئەولیا لە بارەی یەزیدیەکانەوە ئەگەرچی بە کوردی یەزیدی ناویان دەبات و زۆربەی زیانیاریەکانی کە نووسیویەتی دەربارەی شێوە و جل و بەرگ و ژیانیان ئەوا بەچاوی خۆی بینیویەتی، هەروەها بەهۆی ئەوەی یەزیدییەکان موسڵمان نین، دەبینین بە مرۆڤی چیای و کوردی داناون.(٦٥) هەروەها یەزیدییەکانی بە لێهاتو لە کوشتن و بڕین دادەنێت و دەڵێت "لەو شوێنە بێ ئەمانەدا چل و چوار یاخودا چل و پێنج هەزار یەزیدی و باپیری سەگ پەرست هەیە کە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

له ناوچەی شاخاوی دەژین".[٦٦] جل و بەرگی یەزیدییەکان بە گشتی شاڵ و شاپکە کە لە سوف دروستکراوە. هەروەها دەست بەندییەکانیان و پشدێنەکانیان حەریری ڕەنگاو و ڕەنگە، لە پێیاندا پابووچی تایبەت لە پێدەکەن، چونکە شوێنەکەیان چڕ و عاسێیە، چەکەکانیان شمشێر و خەنجەر و تفەنگ و جابە، لە نیشان شکاندن دا بەڕادەیەك نیشانە شکێنن کە لە پارەیەکی بچووکیش دەدەن. ئەگەر تفەنگەکانیان ببینی، ئەوا بەیەك نوقرەش نایکڕی، چونکە کوالیتی و گرانبەها نین، بەلآم ئەوان لە نیشان شکاندن دا هونەرمەندن".[٦٧]

دەربارەی جەستە و فیزیکی یەزیدییەکان دەڵێت "بەژنیان کورتە و ملیان کورتە هەروەکو ئەوەی سەریان بەشانیانەوە نوسابێت، بەلآم شانەکانیان پانە و سینگیان پان و ئەستورە. قۆڵیان درێژە، قاچەکانیان کورتە".[٦٨]

ئەوەی لێرە دەیبینین ئەولیا لە باسکردنیاندا شتێک بەدیدەکرێت، کە یەزیدییەکان موسڵمان نین، هەر بۆیە کاردانەوەی لەسەر تێڕوانینی ئەولیا چەلەبی هەبووە، هەروەها لە شوێنەکیتردا لە بارەی وەسفی یەزیدییەکاندا دەڵێت"چاو و برۆیان ڕەشە و موە ڕەشەکانیان وەکو هی بزنی ڕەشە، دەمیان پابووجی پێوەدەچێ (واتە: دەمیان گەورەیە) ددانەکانیان دەڵێی ددانی ئەسپە، بەحەقەت شێوەیان غەریب و جیاوازە و بێ هەیبەت و چڵکنن"، سەرەرای ئەمانەش ئەولیا چەلەبی، یەزیدییەکانی بە کەسانی بکوژ (قاتل) ناوبردوە، لەمبارەیەوەش دەڵێت"منداڵەکانیان لە تەمەنی دە ساڵیەوە گەروە خۆی نیشان دەدات بەڕادەیەك لە کەسێکی تەمەنی بیست ساڵی دەچێت. بە حەقەت کەسانی بکوژن (قاتلن)، هەروەها ئافرەتانیشیان بەمشێوەیەن. ئەوانە لە ناو ڕەنگی خاکەکەیان تواونەتەوە و خوا ئەو پرچ ڕەشانە ئاشق بکات".[٦٩] تەنانەت لە باسی یەزیدیەکاندا، هەندێ کات پێیان دەڵێت (ئەو پرچ درێژانە)، یاخود دەڵێ (کوردە پرچ درێژەکان). هەروەها دەربارەی ئازایەتی و لێهاتویان دەلێت "ئەوان بەراستی ئازا و بەجەرگن". هەروەها لە ناو هەندێ لەیەزیدییەکاندا باسی گروپێک لە یەزیدییەکانی شنگال دەکات کە بە هەشت سمێڵ ناویان دەبات، کە دەڵێت"بەوانە دەگوترێ کوردە هەشت سمێڵەکان، چونکە موەکانی هەردوو بەشی سمێڵیان و هەردوو ڕومەتیان و هەردوو برژانگیان و موەکانی هەردوو کونە گوێیان هەیە، هەمووی بەشێوەی یەك ڕیش دەردەکەوێت، ئەمانەش هەر لە ناو کوردەکاندا پێیان دەڵێن (هەشت سمێڵەکان)".[٧٠]

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەولیا جگە لەو زانیارییانەی بەچاوی خۆی بینیویەتی، ئەوا زۆرێک لە زانیارییەکانیتری پێدەچێ لەخۆیەوە زیادی کردبێت و هەندێک شت دەڵێت کە زۆر جێگای باوەرپێکردن و متمانەکردن نییە، بۆ نموونە: ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پیازی زۆر دەخۆن

وە زۆریـان حـەز لـە خـواردنی پیـازە، هـەروەها سـەگیان زۆر خـۆش دەوێ و کـاتێـک منـداڵێکیان لـە دایـک دەبێـت، ئـەوا شـیری سـەگی پێـدەدەن و ئەگـەر کەسـێک سـەگێک ئەزیـەت بـدات، دەکوژرێـت. بـە گشـتی پێدەچـی ئـەم قسـانەی بـۆ زیـاتر دەوڵەمەنـدکردنی کتێبەکـەی خـۆی نووسیبێتن.[٧١] تەنانـەت لـە نوسـینەکەی ئـەولیا چەلەبی لـە بـارەی زۆری حـەز و خـواردنی پیـاز لـە لایەن یەزیدییەکانەوە، ئاماژە بە چەند بابەتێک دەکات و دەڵێت" ئەو قەومە بە بەردەوامی پیـاز و پـەنیر دەخـۆن و بـۆ هـەموو شـوێنێک لەگـەڵ خۆیـان دەیبـەن، هـەروەها لـە سـەر پیـاز ئامـادەی کوشـتنی کەسـانی بەرامبـەریانن، هـەروەها یـەکێک لـە تایبەتمەندییـە سـەیرەکانی یەزیدییەکان ئەوەیە کە ئەگەر پیاوێکی دیـنداری یەزیدییەکان کۆچی دوایی بکات، ئەوا بە ئـاوی پیـاز دەیشـۆن و لـە قەبرەکەشـیدا ڕێژەیـەکی زۆر پیـاز دادەنـێن. چـەندین جـار لـەو دیلـە ئێزیدیانـە پرسیارم کـرد و دەربـارەی تەندروسـتی ئـەوان هـەر دەیـان گـوت (پیـاز خۆشـە)، ئەمـەش شتێکی ڕونە لە لای کوردەکان و لە کوردێکی یەزیدیم پرسـی "تۆ ئەگەر ئاپاشا بوویتایە چیت دەخوارد؟"، لەوەڵامدا گوتی "پیازم دەخوارد"، تەنانەت کوردەکان دەڵێن (پیاز حوب حوب)".[٧٢]

ئـەوەی لێـرە جێگـای ئاماژەیە، ئەوەیـە کـە لـە سەرچاوەکانیتردا نـەمابینی بەمشێوەیە باسی حەزی یەزیدییەکان بکات بۆ خواردنی پیاز، لەگەڵ ئەمـەش دا ئـەوەی ئـەولیا باسیدەکات دەربارەیان، ئەوا بە چاوی خۆی بینیویەتی و نووسیووەتەوە.

**دووەم: خواردن و خواردنەوە:**

هەر لە سەدەی دوازدەی زانییەوە ئێمە بە پێی سەرچاوەکان ئاگاداری جۆر و چۆنییەتی خـواردن و خواردنـەوە کوردییـەکانین، کـە لـە کۆنـدا لـە گەنمەشـامی و گـەنم و جـۆ ئـارد دروسـتکراوە و کـراوە بـەنان. هـەروەها لـە خواردنـەکانیش پـلاوی سـاوار، بـرنج، گەنمـە کوتـا، هـەروەها گۆشـتی مریشـک و گۆشـتی ئـاژەڵ هـەبوون. هـەوەها خواردنـەکانیتری وەکـو تەشـریب هەبووە کە لەگۆشت و نۆك و نان دروستدەکرا. هەروەها لە خـواردنی برژاویشدا ماسـی برژێـنراو هـەبووە. لەگـەڵ ئەمەشـدا بـۆ خـواردنی بـەیانیان هـەنگوین و مرەبـای هـەنجیر و سـێو و هـەرمی هـەبووە. هـەروەها خـواردنی لـۆر و ڕونـی کـەرە هـەبوو. هـەروەها بـۆ خواردنـەوەکانیش لـە بەرهـەمی ماست دروستکراوەکان هەبوون، وەکو: دۆ و ماسـت، هـەروەها شـەربەتی پرتـەقاڵ و هـەنار و هـەنجیر هـەبوون. ئـەم خواردنانـە بـە گشـتی لـە کوردسـتان هـەبوون بـە تایبـەتی لـە ناوچـەکانی چیـای قەنـدیل دا.[٧٣] بـە گشـتی ئـەم خواردنانـە تـاکو سـەدەی١٧ز هـەبوون بـە تایبـەتی بەشـێک لـە خواردنـەکانی عوسمـانیش لـە دانەوێڵـە دروسـتدەکران، وەکـو لـە بەڵگەنامـەکانی دەوڵـەتی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

عوسمانیدا بەدیار دەکەوێت کە کەرەستەکانی خۆراك دروستکردن لە کۆندا ئەمانەبوون: ساوار، برنج، رون، کونجی، گەنمەشامی، تەحین..هتد[٧٤].

لەگەڵ ئەمانەشدا ئەولیا چەلەبی لە باسکردنی خواردن و خواردنەوەکانی ناوچەکەدا هەندێ زانیاریمان پێدەدات، بە تایبەتی کاتێک دەچێتە شنگال و لە یەکێک لە دیلەکانی شەڕی نێوان دەوڵەتی عوسمانی و یەزیدییەکان دەپرسێت و دەڵێت" چەندین جار لەو دیلە یەزیدیەم پرسی و ئەویش لە بارەی تەندروستی و خواردنییەوە دەڵێ (پیاز خۆشە)، هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەگەر تۆ پاشا بویتایە چیت دەخوارد؟ یەزیدیەکە دەڵێ (پیازم دەخوارد)"[٧٥]. جگە لەوەش ئاماژە بە پەنیری ناوچەکە دەکات کە لە لایەن یەزیدیەکانەوە خواردراوە. سەرەڕای ئەمەش کاتێک باسی چێشتخانە و میوانخانەی شاری ئامێدی دەکات ئەوا ناوی شۆربای خوشەك و پلاوی خوشەك هەروەها نانی لەواشی دەهێنێت[٧٦]. هەروەها ئەولیا چەلەبی لەو وشە کوردییانەی فێریبووە و بۆمان دەخاتە سەر زمانی تورکی ئاماژە بە چەند خواردنێکی ناوچەکە دەکات، وەکو: نان، گۆشت، مریشک، هەنگوین، دۆشاو، گوێز، تری، هەنجیر، هەرمی، کاڵەك (گندۆرە)، تریێ وشک.[٧٧] ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە ئەم خواردن و میوانە لەوکاتیدا لە سنووری ویلایەتی شارەزوور و موسڵ و میرنشینی بادینان هەبوون. سەرەڕای ئەمەش ئەم جۆرە خواردن و میوانە لە ناوچەکانیتری کوردستانیشدا بوونیان هەبووە هەروەك ئەولیاش لە باسی شاری بەدلیسدا ئاماژەیان پێدەکات.[٧٨]

## سێیەم: جل و بەرگ

دانیشتوانی ناوچەکانی شنگال دا هەر لە کۆنەوە جل و بەرگی تایبەت بە خۆیان هەبووە. لە هەمووی گرنگتریش لەوان کە لە جل و بەرگی پیاواندا لە سەریان جامانە (جەمەدانی یاخود هەوری) هەبووە، هەروەها جگە لەوەش دوو شێوازی جل و بەرگ ئەوانیش ڕانک و چۆغەل وە شاڵ و شاپک زۆر بەر بلاوە لە ناو کورداندا. ئەم جل و بەرگە لە دوو پارچە پێکهاتووە لە نێوان بەشی سەرەوە و خوارەوەیدا کەمەربەندێک هەیە کە پێی دەڵێن (پشدێن). هەروەها ئەم جل و بەرگانە زۆربەی کات لە خوری دروست دەکرێن. لەگەڵ ئەمەشدا هەندێکات شاڵ و شاپک لە موی بزن (مەرەز) دروستدەکرێت. تەنانەت ئافرەتانیش وەکو پیاوان شتێک لە سەردەکەن وەکو هەوری یان مەندیلی پێدەڵێن.[٧٩] لە سەدەی١٧ز دا بە تایبەتی لە سیحەتنامەی ئەولیاچەلەبیدا باس لە شاڵ و شاپک دەکات، بە تایبەتی لە باسی خەڵکی ناوچەی شنگالدا دەڵێت "ئەو یەزیدیە ساچلیانە (قژ درێژ) جل و بەرگیان لە خوری دروستکراوە کە شاڵ و شاپکە،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

هەروەها پشدێنەكانیان لە حەریری ڕەنگاو ڕەنگ دروستكراوە، دەستە بەندەكانیان حەریرە و هەروەها لە پێیاندا پابووجی تایبەت بە خۆیان لەپێ دەكەن". [٨٠]

بە شێوەیەكی گشتی جل و بەرگی دانیشتوانی شنگال بریتی بووە لە شاڵ و شاپك و ڕانك و چۆغەل، كە ئەمەش لە پێش سەدەی١٧ز و دوای سەردەمی ئەولیا چەلەبیش دا هەبووە، بەتایبەتی لە سەدەی١٨و١٩ز دا كە كلۆدیۆس جیمیش ڕیچ وێنەی جل و بەرگی دانیشتوانی ناوچەكەی كردووە و وێنەی ژن و پیاوێكی یەزیدی ناوچەی هەكاری كێشاوە. [٨١]

## ئەنجام:

لەم لێكۆڵینەوەیەدا گەیشتین بە چەند ئەنجامێك، لەوانە:

١. هۆكاری هاتنی ئەولیا چەلەبی بۆ شنگال زۆر جیاوازترە لە هۆكاری گەشتەكانیتری ئەولیا چەلەبی بۆ ناوچەكانیتری كوردستان، چونكە ئەولیا لەگەڵ سوپای عوسمانییەكان هاتووە بۆ شەری یەزیدییەكانی ناوچەكە، بەڵام لە سەردانی شوێنەكانیتری كوردستاندا، مەبەستی تەنها بینین و گەشتكردن بەكوردستاندا بووە.

٢. سەرەرای ئەوەی ئەولیا چەلەبی هەستێكی دوژمنكارانەوە بەرامبەر بە یەزیدییەكان دەنوسێت، بەڵام دان بە ئازایەتی و لێهاتوویی یەزیدیەیكان دەكات لە مەیدانی شەر وە لە نیشانە شكێنیدا.

٣. سەرەرای بەكارهێنانی چەندین ناوی جۆراوجۆر بۆ یەزیدییەكان، وەكو: ساچلی، سەگ پەرست، كافر..هتد. ئەوا بە كوردیشیان هەژمار دەكات و بە كوردی یەزیدی ناویان دەبات.

٤. پێكهاتەی فیزیكی منداڵانی یەزیدی سەرنجی راكێشاوە، كە منداڵەكانیان لە تەمەنی دەساڵیەوە گەروە خۆی نیشان دەدات بەڕادەیەك لە كەسێكی تەمەنی بیست ساڵی دەچێت.

٥. ئەولیا پشتی بەستوە بە كتێبی شەرەفنامە و كتێبی مەقدیسی (أحسن التقاسیم في معرفة الاقالیم) لەبارەی باسكردنی مێژووی كوردستان بەگشتی و شنگال بەتایبەتی.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

## پاشکۆیەکان:

**پاشکۆی یەکەم: ژن و پیاوێکی یەزیدی بە جل و بەرگی کوردی ناوچەی هەکاری.**(٨٢)



## لیستی سەرچاوەکان:


### دەستنووس:

١. دەقی دەستنووسی ئەولیاچەلەبی، بەرگی چوارەم، کتێبخانەی تۆپ قاپی سەرای.

### بەڵگەنامە عوسمانییەکان:

2. BOA, KK, Ruus Defter no262,247,248, 262, 265.

### کتێب بەکوردی:

٣. ئەنستانس ماری کەمەرلی، کتێبی یەزیدییەکان (جیلیوە و مەسحەفا رەش) وە بیلبیلۆگرافیای ناوچەی یەزیدیەتی، وەرگێرانی: نەجاتی عەبدوڵا، (سلێمانی: چاپخانەی شیڤان، ٢٠٠٦)، ١١ -١٦.

٤. بژار عوسمان ئەحمەد، کوردستان لە سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی دا/ بەشی یەکەم: باشوری کوردستان، (سلێمانی: چاپخانەی سارا، ٢٠١٩)، ١٨.

٥. پشکۆ حەمەهاتیر عەبدولرەحمان ئاغجەلەری، شاری کەرکوك لە نێوان ساڵانی ١٩١٧ -١٩٢٦، (سلێمانی: چاپخانەی حەمدی، ٢٠٠٧)، ٤٥ -

٦. پۆل پیر ڕێدریزی، دەربارەی کوردە یەزیدییەکان، وەرگێرانی: هەلکەوت حەکیم، (هەولێر: چاپخانەی شەهاب، ٢٠١٣)، ٧٢ -٧٥.

٧. سەربەست حسێن، یەزیدیەیکان لە مێژووی نەتەوەکەیاندا، (سلێمانی: لەبلأاوکراوەکانی بیر و هزری یەکێتی، ٢٠١٢)، ٤١ -٤٥.

٨. شاکر فەتاح، یەزیدییەکان و ئاینی یەزیدی، (سلێمانی: چاپخانەی کامەران، ١٩٦٩)، ٦ -٨.

٩. کلودیوس جیمس ریچ، گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان، وەرگێرانی: مەحەمەد، (هەولێر: چاپخانەی پەروەردە، ٢٠٠٢)، ٢٥٤.

١٠. ماکوان کەریم، ناساندنی چەند لێرەوارێک، (سلێمانی: چاپخانەی کەمال، ٢٠١٤)، ٩١ -٩٤.

## کتێب بە ئینگلیزی:

11. Martin van Bruinessen، Hendrik Boschten , Evliya Çelebi in Diyarbekir, (Köln: Brıl,1988), p.7.

## کتێب بە تورکی:

12. Robert Dankof,Seyit Ali Kahraman, veYücel Dağlı, Evliyâ Çelebî، Seyahatnâme, I. Kitap, (İstanbul: Yapı Kredi Yayınları, 2000),94

13. Ülkü Elik Şavık, Sorularla insanlık tarihine yön veren 20 kisiden biri, (Ankar: Hacetepe Üniversitesi, 2001), 15.

14. Yücel Dağlı، Seyit Ali Kahraman, Evliya Çelebi Seyahatnamesi Topkapı Sarayı Kütüphanesi Bağdat 305 Numaralı Yazmanın Trabskripsiyonu-Dizin, C 1، (İstanbul: YKY، 2000), 94.

15. Yücel Dağlı، Seyit Ali Kahraman, Evliya Çelebi Seyahatnamesi Topkapı Sarayı Kütüphanesi Bağdat 305 Numaralı Yazmanın Trabskripsiyonu-Dizin, C IV,(İstanbul: YKY، 2000), 296.

## کتێبە بەعەرەبی:

١٦. أمين فرمان چيچۆ، القومية اليزيدية (جذورها – مقوماتها – معاناتها)، (بغداد: ٢٠١٠)، ٢٣٨.

١٧. رحلة أوليا جلبي في كردستان عام ١٠٥٦/١٦٥٥، ترجمة: رشيد أفندي، (دهوك: مطبعة خاني، ٢٠٠٨)، ٧.

١٨. زرار توفيق صديق، أصل تسمية (اميديى / العمادية)، دهوك: مجلة بلدية دهوك، رقم ١٤، سنة ٢٠٠١، ٦٩

١٩. عبدالله خورشيد عالقيي، العمائر الإسلامية في عيمادية و نواحيها حتى نهاية قرن الثاني العشر الهجري / الثامن عشر الميلادي، (اسطنبول: مطبعة روزة، ٢٠١٢)، ٣٣ -٣٤



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

٢٠. عدنان زيان فرحان، الكرد و اليزيديون في إقليم كردستان، (السليمانية: مركز كردستان للدراسات، ٢٠٠٤)، ٣٤ -٣٦.

٢١. عماد عبدالسلام رؤوف، دراسات وثائقية في التاريخ الكرد الحديث و حضارتهم، (ممشق: مطبعة التفسير، ٢٠١٢)، ٣٥.

٢٢. فاضل البيات، الدولة العثمانية في المجال عربية، (بيروت: مركز دراسات وحدة العربية، ٢٠٠٧)، ٤٩ -٥٨.

٢٣. اليعقوبي، كتاب البلدان، (بيروت: دار الطوس العربي، ١٩٨٨)، ٤.

## نامه و تێزه ئەكاديمييەكان:

### یەكەم: بەتوركی

1. Döndü Düşünmez،Tanzimat Devri Osmanlı Mülki İdaresinde KapıKethüdalığı, (Yüksek Lisans Tezi: Selçuk Üniversitesi, 2006), 5-6.
2. Yurdaer ABCA, “Yezidilik ve Osmanlı Yönetiminde Yezidiler”, Yükse Lisans Tezi, Eskişehir Osmanl Gazi Üniversitesi, 2006, 55.
3. Salih özkök، Evliyâ Çelebi Seyahetnamesi’nde dığu şehirleri (1641-1648), (Yüksek lisans tezi ،Kafkas Üniversitesi, 2013), 17
4. Muzaffer Özbay, Evliya Çelebi’nin Seyahetnamesinde Anadolu Coğrafyasındaki Gayri Müslim Mabetler, (Yüksek Lisans, Sakarya Üniversitesi, 2010), 20
5. Zeynep Erduran, Evliya Çelebi Seyahetnemesine göre İstanbul’da Esnae، Zanaat ve Ticaret, (Yüksek Lisans, Kırık Kale Üniversitesi,2006), XXIII- XXIV.
6. Mustafa Alpaslan, Evliya Çelebi Seyahatnamesi’nde Kürtler”، (Yüksek Lisans Tezi: Mardi Artuklu Üniversitesi,2014),119-122.

## كۆڤاره زانستييەكان:

### یەكەم: به توركی:

7. Mehmet Akbaş, Evliya Çelebi’nin Gözüyle Kürtler ve Kürdistan،Artuklu Akademi Journal of Artuklu Academia, 2015/2(1), s.*2*

### دووەم: به عەرەبی:

٨. خليل علي مراد، رحلة أوليا جلبي في كردستان مصدرا للدراسة أحوال العراق في القرن السابع العشر، مجلة المشكات، رقم :١، ٢٠٠٤، ٤٧ -٤٨.

## ماڵپەره ئەلیكترۆنییەكان:

9. Hoca Ahmet Yesevi kimdir?،http://www.sabah.com.tr/hoca-ahmet-yesevi-kimdir- 3-10-2016.
10. Züleyha Günay، Evliya Çelebi Kimdir? (1611- 1682), http://www.bilgiustam.com/evliya-celebi-kimdir-1611-1682/ , 17-8-2016.

# پەڕاوێز:

(1) Mehmet Akbaş, Evliya Çelebi'nin Gözüyle Kürtler ve Kürdistan ،Artuklu Akademi | Journal of Artuklu Academia, 2015/2(1), s.2

رحلة أوليا جلبي في كردستان عام ١٠٥٦/١٦٥٥، ترجمة: رشيد أفندي، (دهوك: مطبعة خاني، ٢٠٠٨)، ٧.

(2) Salih özkök، Evliyâ Çelebi Seyahetnamesi'nde dığu şehirleri (1641-1648), (Yüksek lisans tezi ،Kafkas Üniversitesi, 2013), 17.

(3) Robert Dankof,Seyit Ali Kahraman, veYücel Dağlı, Evliyâ Çelebî، Seyahatnâme, I. Kitap, (İstanbul: Yapı Kredi Yayınları, 2000),94; Yücel Dağlı، Seyit Ali Kahraman, Evliya Çelebi Seyahatnamesi Topkapı Sarayı Kütüphanesi Bağdat 305 Numaralı Yazmanın Trabskripsiyonu-Dizin, C 1، (İstanbul: YKY، 2000), 94.

(4) Züleyha Günay، Evliya Çelebi Kimdir? (1611- 1682) ، http://www.bilgiustam.com/evliya-celebi-kimdir-1611-1682/، 17-8-2016.

(٥) بەدواداچونمان بۆ ئەم قسەیە کرد و نەمانزانی کێشەکە و هۆکارەکانی چیبوون. بژار عوسمان ئەحمەد، کوردستان لە سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی دا/ بەشی یەکەم: باشوری کوردستان، (سلێمانی: چاپخانەی سارا، ٢٠١٩)، ١٨.

(٦) بژار عوسمان ئەحمەد، کوردستان لە سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی دا – بەشی یەکەم: باشوری کوردستان، ١٩.

(7) Ülkü Elik Şavık, Sorularla insanlık tarihine yön veren 20 kisiden biri, (Ankar: Hacetepe Üniversitesi, 2001), 15.

(8) Mehmet Akbaş, 3.

(٩) لەو سەردەمەدا وە بەتایبەتی لە مێژووی ئیسلام دا زۆر کەس شەجەرەی خۆیان گەراندۆتەوە بۆ پێغەمبەر (ص) ئەمەش بە مەبەستی پیرۆزی دانێک بەخۆیان بووبێت، یاخود بە ئامانجی ئەوەی دەولەت لەهەندێک جۆری باج بیان بەخشێت، لەگەڵ ئەمەش دا کەسانێک هەبوونە ڕەچەڵەکیان دەگەرێتەوە بۆ پێغەمبەر (د.خ). بەلآم ئێمە هیچ زانیارییەکی باوەر پێکراومان نییە کە ئایا شەجەرەی ئەولیا دەگەرێتەوە بۆ نەوەی پێغەمبەر(ص) یاخود ناگەرێتەوە. بژار عوسمان ئەحمەد، س.پ، ١٩.

(١٠) ئەحمەد یەسەوی: ناوی راستەقینەی ئەحمەد کوڕی ئیبراهیم کوڕی یەسەوی یە، لە شاری سەیرام لە رۆژئاوای تورکستان لە ساڵی ١٠٩٣ز لەدایکبووە، زانستی تەسەوفی لەشاری بووخارا وەرگرتوە، بەمەش ئەحمەد یەسەوی بوو بە شاعیر و دامەزرێنەری تەریقەتێک لە نێوتورکمانەکاندا، لە ساڵی ١١٦٦ز کۆچی دوایی کردووە. بروانە:

Hoca Ahmet Yesevi kimdir?،http://www.sabah.com.tr/hoca-ahmet-yesevi-kimdir- 3-10-2016.

(11) Robert Dankof, Seyit Ali Kahraman, ve Yücel Dağlı. VI. 133.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

(12) Muzaffer Özbay, Evliya Çelebi’nin Seyahetnamesinde Anadolu Coğrafyasındaki Gayri Müslim Mabetler, (Yüksek Lisans, Sakarya Üniversitesi, 2010), 20.

(13) Martin van Bruinessen، Hendrik Boschten , Evliya Çelebi in Diyarbekir,(Köln: Brıl,1988), p.7.

(14) Salih Özkök, s.17.

(١٥) بژار عوسمان ئەحمەد، س.پ، ٢٢.

(16) Robert Dankof,Seyit Ali Kahraman, veYücel Dağlı , VI, 294-335.

(17) Ülkü ELİK ŞAVK, 15.

(18) Zeynep Erduran, Evliya Çelebi Seyahetnemesine göre İstanbul’da Esnae، Zanaat ve Ticaret, (Yüksek Lisans, Kırık Kale Üniversitesi,2006), XXIII- XXIV.

(19) Dankoff,10.

(٢٠) خليل علي مراد، رحلة أوليا جلبي في كردستان مصدرا لدراسة أحوال العراق في القرن السابع العشر، مجلة المشكات، رقم: ١، ٢٠٠٤، ٤٧ –٤٨.

(٢١) ئەولیا چونکە خۆی کەسێکی زانستخواز و دیندار بووە، لە بەغدا چاوی بە چەندین زانای بەناوبانگی ئەو سەردەم کەوتوە، یەکێک لەوانە: شیخ الإسلام کورد مستەفا ئەفەندی (مامۆستای قوتابخانەی مەرجانییە)، هەروەها (موفتی ئەنام زین العابدین ئەفەندی) و (طوراب ئەفەندی) بینیوە. عماد عبدالسلام رؤوف، دراسات وثائقية في التاريخ الكرد الحديث و حضارتهم، (دمشق: مطبعة التفسير، ٢٠١٢)، ٣٥.

Evliya,IV,248-249.

(٢٢) ئەگەرچی لەبارەی ناوی ئێزیدییەکانەوە ڕا و بۆچونی جیاواز هەیە بۆ هەردوو وشەی (ئێزیدی و یەزیدی)، بەلآم ئێمە بەگشتی وشەی(یەزیدی) بەکاردەهێنین، چونکە ئەولیا چەلەبی لە سیاحەتنامەدا بەکاریهێناوە.

(٢٣) عماد عبدالسلام رؤوف، ٣١.

(٢٤) ئاکرێ: ئەم قەلآیە لە زمانی کوردی و عەرەبی دا قەلآی ئاکرێی بڵند ی پێدەگوترێ. لە زمانی فارسیدا تیلی ئاکرێ ی پێدەڵێن، لە زمانی کوردی/ لەهجەی زازاکیدا تیلی گەردومی پێدەڵێن، لە زمانی یۆنانیدا پیتەر بووغاس (واتە: قەڵای بەردین)ی پێدەگوترێ، لە زمانی کوردی/ لەهجەی لولو دا کۆخی پۆلآی پێدەڵێن. لە سەرجەم زمانەکاندا بە مانای کۆخێکی بەرز دێت. دانیشتوانی قەلآی ئاکرێ هەموی کوردن و لە ناو ئەوانیشدا کوردی مزوری هەن. ئەم قەلآیە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەلآتی موسڵ وە لە باکووری ڕۆژهەلآتی ئەم ئاکرێ زێی گەورە و ناوچەی بارزان هەیە، وە لە باکووری ڕۆژئاوایدا قەڵای ئامێدی هەیە، لە باشوریدا کەڵەك و لە باشوری ڕۆژئاوایدا شاری موسڵ هەیە. ئەولیا چەلەبی لە بارەی جوگرافیای ناوچەکەوە دەڵێت"لە لای باکووریدا بە چوار قۆناغ دەگات بە هەکاری لە لای ڕۆژهەلآتیدا شاری.... هەیە، لە باشوردا لەگەڵ

شارەزوور هاوسنوورە، لە رۆژئاوای شارەکەدا بە پێنج قۆناغ شاری ئامێدی (عیمادیە) یە، ئەم قەلآیە لە ژێر حوکمڕانی سوڵتان حوسێن خان کوڕی سوڵتان سەیید خانە. بڕوانە Evliya Çelebi, IV, 299; هەروەها بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی پێناسەی ئەم شارەوە بڕوانە: خوسرەو گۆران، کورد لە پارێزگای موسڵ، (هەولێر: چاپخانەی پەروەردە، ٢٠٠٢)، ٥١.

(٢٥) ئامێدی: یەکێک لەم شارانەی کە ئەولیا چەلەبی لە کتێبی سیاحەتنامەدا ئاماژەیەکی زۆری پێداوە، ئەوا شاری العمادیە یە کە پایتەختی میرنشینی بادینانە، ئەم ناوە بۆ یەکەمجار لە لەوحەکانی پاشای ئاشورییەکان شمش ئەددی پێنجەم (٨٢٣ – ٨١٠)پ.ز بەشێوەی (ئامیت/ئامات) بەکارهاتووە، هەروەها لە سەردەمی پاشای ئاشورییەکان شمش ئەدد نیری سێیەم (٨٠٩ –٧٨٢) پ.ز بەکارهاتووە، هەروەها هەندێک سەرچاوەیتر دەڵێن ئەم ناوە لە مانا و خاکی میدیاوە هاتووە، هەرەوەها لە سەردەمی زەنکیەکان دوبارە عیمادەدین زەنکی ئەم قەلآیەی نۆژەن کردۆتەوە و ناوی (ئامیدا/ئامادی) لێنا، دواتر لەساڵی ١٢٦٢ز ئەم شارەی بەناوی خۆیەوە (عیمادیە) ناونا.ئەولیا چەلەبی لە بارەی ناوەکانی ئەم شارەوە دەڵێت"هەندێک کەس ناوی شاری عیمادیە لە ئامیدیەوە بە هەلە دەڵێن، بەلآم قەلآی عیمادیە لە زمانی عیبریدا تل حەریر ی پێدەڵێن، لە زمانی عەرەبی دا جبل أقرب ی پێدەڵێن، لە زمانی فارسیدا کوخی کەردومی پیدەڵێن، لە زمانی کوردی لولوبیەکاندا بەیتنوری پێدەڵێن، لە زمانی کوردی زازاکی دا ئمیدیەی پیدەڵێن، لە زمانی مەنغۆلیدا بە تل کەیومی پێدەڵێن، چونکە کیومەرس ئەم شارەی بنیاتناوە. لە زمانی رۆمیدا بەم شارە دەڵێن بیغادۆس دارا"، سەبارەت بەشوێنی جوگرافی شارەکەش، دەکەوێتە نێوان هەردو هێڵی پانی ٣٧،٣٣،٠٩ لای باکوور و هێڵی درێژی ٧٢،٤٣،٤٨ لە رۆژهەلآت، ئەم شارە بەدووری ٧٠ کم دەکەوێتە باکروی رۆژهەلآتی دهۆک، ئامێدی ١٤٠٠مەتر لە ئاستی دەریاوە بەرزە، هەروەها زنجیرە چیای مەتین دەکەوێتە لای باکووری ئامێدی، کە بەرزاییەکەی ٢٠٩٥ مەتر دەبێت، هەروەها لە لای باشوری زنجیرە چیای گارە هەیە کە بەرزیەکەی ٢١١٦ مەترە لەئاستی روی دەریاوە. ئەولیا چەلەبی لەبارەی هەڵکەوتەی جوگرافی ئەم شارەوە دەڵێت" ئەم شارە دەکەوێتە سەر شاخێکی بەرزەوە، لەلای رۆژهەڵاتیدا قەڵای ئاکرێ (عەقرە) یە، لەلای باکووری دا بەدووری چوار مەنزل دا ویلایەتی هەکاری هەیە کە جۆلەمێرگ پایتەختەکەیەتی، هەر بەدووری دوو مەنزڵ لەباکوورەوە قەلآی پیزان هەیە، کە برای خانی هەکاری خەسرەو پاشا لەم قەڵایەدایە، لە لای باکووری رۆژهەلآتیەوە قەلآی شخوی هەیە، هەر لە باکووریدا قەڵای بەیتنوور لەنێوان هەکاری و عیمادیە هەیە، هەروەها لە لای رۆژئاوای عیمادیە دا قەڵای دهۆك هەیە، عیمادیە بە گشتی لە خاکی کوردستان دایە و کەوتۆتە نێوانی عەرەب و عەجەم. عبداللە خورشید عالەیی، العمائر الإسلامیة في العیمادیة و نواحیها حتی نهایة قرن الثاني العشر الهجري / الثامن عشر المیلادي، (اسطنبول:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

مطبعة روزة، ٢٠١٢)، ٣٣ -٣٤ ; زرار توفيق صديق، أصل تسمية (اميديى / العمادية)، دهوك: مجلة بلدية دهوك، رقم ١٤، سنة ٢٠٠١، ٦٩ Evliya, IV, 311;

(٢٦) موسڵ: یەکێکە لە شارە گەورەکانی عێراق و دەکەوێتە سنووری باکوری عێراق و لە سەر ڕوباری دیجلەیە، لەم شارەدا کورد، عەرەب، تورکمان دەژین. لە سەرەتادا ئەم شارە لە لایەنی کارگێڕییەوە سەر بە ویلایەتی دیاربەکر بوو، دواتر بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی شارەکە و ستراتیژی ناوچەکە وەکو ناوەندێک بۆ گواستنەوە و خاڵێکی گرنگی دابینکردنی هاوکاری سەربازی بۆ دەوڵەتی عوسمانی و کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی باشوری عێراق، وەکو سەنجاقێک خرایە سەر ویلایەتی بەغدا. لە دواتریشدا بوو بە ویلایەتێکی سەربەخۆ. اليعقوبى، كتاب البلدان، (بيروت: دار الطوس العربي، ١٩٨٨)، ٤.

(٢٧) کەرکوك: عەرەفە، ئەربیغ، ئەرابخا، کور کور، کەرکوك..هتد ئەمانە هەمووی مانای ووشەی شاری کەرکوکن. شارێکی کۆنی سەردەمی ئاشورییەکانە. بە گوێرەی هەندێ سەرچاوە مێژووی دروستبوونی ئەم شارە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەراستی هەزارەی سێیەمی پ.ز، ئەم قەڵایە چوار گەرەك و چوار دەرگای هەبووە لەوانە: تۆپ قاپی (دەرگای تۆپ خانە)، تاش قاپی (دەرگای بەردین)، یەدی کزلەر (حەوت کچەکان) قاپی، حەلواجیلەی قاپی (دەرگای حەلواچیەکان). ئەولیا چەلەبی لە بارەی ئەم قەلآیەوە دەڵێت" ئەم قەڵایە پایتەختی ویلایەتی شارەزورە، ئەگەرچی لە خاکێکی بە پیت و فراوانە، بەڵام ناو قەڵاکە باغ و باخچەی تێدانییە". پشکۆ حەمەهاتیر عەبدولرەحمان ئاغجەلەری، شاری کەرکوك لە نێوان ساڵانی١٩١٧ -١٩٢٦، (سلێمانی: چاپخانەی حەمدی، ٢٠٠٧)، ٤٥ -٤٦;Evliya, IV, 304-305

(٢٨) هەولێر: أربيل، ئۆربیل، ئوربیلوم، ئاربا، ئیبیریا،.. هتد ئەم وشانە هەموی بۆیەك مانا بەکاردەهێنرێت، ئەویش وشەی شاری هەولێرە. وشەی (أربيل) بۆ یەکەمجار نزیکەی ٢٥٠٠ ساڵ پ.ز لە لەوحە سۆمەرییەکاندا ناوی هاتووە، شاری هەولێر دەکەوێتە باکووری ئەمرۆی عێراق، ئەولیا لە بارەی شاری هەولێرەوە دەڵێت" قەڵای هەولێر لە لای قیبلەیەوە دوو ڕۆژە ڕێگا لە قەڵای موسڵەوە دوورە، هەروەها لە لای رۆژهەڵاتەوە دوو مەنزڵ (کاروانسەرا) لە قەلآی هەولێرەوە دوورە، خواروی قەڵای هەولێر زەویەکی پان و فراوانە، تاکو ئێستا شوێنەواری ژیانی خەڵکانی پێشوو لە خوارووی قەلآی هەولێر دەبینرێت. دەسەڵاتی میرنشینی سۆران بەسەر ئەم قەڵایەوە هەیە. ئەگەر کاروانێک لە خاکی عەجەمەوە بێت، ئەوا باجی سوڵتانی (دەوڵەتی عوسمانی) لەم قەڵایەدا لە کاروانە بازرگانییەکە وەردەگیردرێت. ئەم قەڵایە لەنێوان زێی گەورە و زێی بچوکە"، هەروەها گەریدەی ئەڵمانی کارستن نیبور لە بارەی ئەم قەڵایەوە دەڵێت" ئەم قەڵایە ١٠ -٣٥پلە لە سەروی باکوورە، ئەم شارە بۆ چاندنی گەنم سود لەباران دەبینێت و بەرهەمەکەی بە ١٥ -٢٠ هێندەی بەرهەمی بەغدایە. ئەگەرچی هیچ روبارێک لەناو ئەم شارەدا نییە،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بەڵام هەشت کاتژمێر لە زێی گەورەوە دوورە". هەروەها گەڕیدەی فەرەنسی دەربارەی قەڵای هەولێر دەڵێت "ئەم قەڵایە لەسەر گردێکە کە بە تورەگە دروست کراوە، بەرزی ئەم قەڵایە ٤٠ پێ دەبێت".بژار عوسمان ئەحمەد، س.پ، ٢٩.

(٢٩) لێرەدا ئەولیا چەلەبی هیچ زانیارییەکی نەداوە مەبەستی چ دەرگایەکە، چونکە تەنها شوێنی وشەیەکی بەجێهێشتوە و هیچی نەنووسیووە.

(30) Yücel Dağlı، Seyit Ali Kahraman, Evliya Çelebi Seyahatnamesi Topkapı Sarayı Kütüphanesi Bağdat 305 Numaralı Yazmanın Trabskripsiyonu-Dizin, C IV,(İstanbul: YKY، 2000), 296.

(٣١) کەتخودا: بەگشتی ئەمە لەوشەی کەتخودای فارسیەوە هاتووە، لە زمانی کوردیش دا (کێخوا)ی پێدەڵێن، بەگشتی ئەم وشەیە بەمانایای یاردەدەر و هاوکاری فەرمانبەر و کارمەندانی دەوڵەت دێت هەربۆیەش لە زمانی عوسمانیدا لەدواتر دەبێت بە وشەی (کاهیە) وە مانای خاوەن ماڵ یاخود خاوەندار دێت، هەروەها لەدواتردا دەبێت بەچەند بەشێک و لەهەموو پلە باڵاکانی حکومەت تاکو پلەی سەدری ئەعزەم هاوکار و یارمەتیدەری هەبووە، هەروەکو دەبینین دابەش دەبێت بۆچەند بەشێک وەکو: سەدارەت کەتخوداسی، قول کەتخوداسی، دەفتەر کەتخوداسی، بۆستانجی کەتخوداسی، باڵتاجی کەتخوداسی... هتد. تەنانەت ئەگەر یەکێک زیاتر لەکارێکی بەڕێوە ببردایە ئەوا پێی دەگوترا (کەتخوا)، هەندێجاریش لەشوێنی موختار دا کەتخودا لە گوندەکاندا هەبوون. تاکو ساڵی ١٧٩٩ سەدارەت کەتخوداسی گرنگترین جۆری کەتخودا بوو، کە هاوکاری ئیشی وەزیریان دەکرد، تەنانەت لەو ساڵەدا سەید محمد ئەفەندی لە دەوڵەتی عوسمانیدا هاوکاری سەدری ئەعزەم (سەرۆك وەزیران)ی دەکرد لەکارەکاندا. بڕوانە:

Döndü Düşünmez،Tanzimat Devri Osmanlı Mülki İdaresinde KapıKethüdalığı, (Yüksek Lisans Tezi: Selçuk Üniversitesi, 2006), 5-6.

(32) Evliya, IV, 293.

(33) Evliya, IV, 44-45.

(34) Evliya, IV, 46-47.

(35) Evliya, IV, 47.

(36) Evliya, IV, 348-349.

(37) -Evliya, IV, 349.

(٣٨) عماد عبدالسلام رؤوف، دراسات وثائقية..، ٢٦ -٢٧.

(٣٩) فاضل البيات، الدولة العثمانية في المجال عربية، (بيروت: مركز دراسات وحدة العربية، ٢٠٠٧)، ٤٩ -٥٨.

(٤٠) فاضل البيات، م.س، 384-386.

(٤١) تكريت: ئەم شارە ١٤٠كم لەباكووری رۆژئاوای بەغدایە، کەوتۆتە سەر ڕوباری دیجلەوە. لەساڵی ١١٣٨ز دا سەرکردەی کوردی موسڵمان (صلاالدین)ی ئەیوبی تێیدا لەدایکبووە. لە دواتردا لەگەڵ هاتنی مەغۆلەکان وەکو زۆربەی شوێنەکان توشی کاولکاری مەغۆلەکان بووە، دواتر لە سەدەی ١٦ز دەسەڵاتی عوسمانییەکان هاتۆتە ناوچەکەوە. ئەولیا چەلەبی لە سیاحەتنامەکەیدا بە شارێکی نێوان دیجلە و فرات وەسفی دەکات، کە سەنجەقێکە سەر بە ویلایەتی موسڵ، بڕوانە.Evliya, IV, 346-347

(42) BOA, KK, Ruus Defter no 262, 265.

(٤٣) ئەگەر سەیربکەین، لیوای هەولێر لەپێشتردا سەر بەویلایەتی شارەزووربوو، بەڵام دوای ماوەیەکی کورت خراوەتە سەر ویلایەتی موسڵ، دوای ئەوەش دوبارە دەگەرێتەوە سەر ویلایەتی شارەزور. ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ دابەشکردن و گۆڕانکاری لە سیستەمی ئیداری دەوڵەتی عوسمانی لەناوچەکەدا. فاضل البیات، ٣٨٧.

(44) BOA,KK, Ruus Defter, no 262,247-248.

(٤٥) وشەی سەفەر: لە دەوڵەتی عوسمانیدا کاتێک سوڵتانەکان یاخود هەر هێزەکی سەربازی عوسمانی دەچوون بۆ شەڕکردن، ئەوا پێی دەگوترا (سەفەر). هەروەکو لە کاتی گرانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا لە دەوڵەتی عوسمانی پێی دەگوترا (سەفەر بەللک)". بژار عوسمان ئەحمەد، کوردستان لە سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی دا - بەشی یەکەم: باشوری کوردستان، ٦٧.

(٤٦) لێرەدا مەبەستی ئەو شاری بانەیەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە، بەڵکو ئەم سەنجاقە ناوێکیتریشی هەیە، ئەویش هەروبانە. فاضل البیات، ٣٩٠.

(47) Evliya, IV, 349.

(٤٨) فاضل البیات، ٣٩٠.

(٤٩) فاضل البیات، ٣٨٧.

(٥٠) فاضل البیات، ٣٨٦.

(٥١) شێخ عودەی کوڕی مسافر ئومەوی، زانایەکی سۆفیگەری بوو، چوبۆ شاخی لالش و بەچەند ڕەچەلەکێک دەچێتەوە بۆنەوەی مەروانی کوڕی حەکەم. تێروانینی ئەو هێندە پاك و بەرێزەوە بوو کە داوایدەکرد لە دەروێشەکانی جنێو بەهیچ کەسێک نەدەن، تەنانەت بە یەزیدی کوڕی معاویەش. شێخ عەدی لەساڵی ٥٥٥ك کۆچی دوایی کردوە و گۆڕەکەی لەشێخان لە پەرستگای (لالش)ە. شاکر فەتاح، یەزیدیەکان و ئاینی یەزیدی، (سلێمانی: چاپخانەی کامەران، ١٩٦٩)، ٦ -٨.

(٥٢) سەربەست حسێن، یەزیدیەکان لە مێژووی نەتەوەکەیاندا، (سلێمانی: لەبڵاوکراوەکانی بیر و هزری یەکێتی، ٢٠١٢)، ٤١ -٤٥.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

(٥٣) ئەنستانس ماری کەمەرلی، کتێبی یەزیدییەکان (جیلیوە و مەسحەفا رەش) وە بیلبیلۆگرافیای ناوچەی یەزیدیەتی، وەرگێرانی: نەجاتی عەبدوڵا، (سلێمانی: چاپخانەی شیڤان، ٢٠٠٦)، ١١ -١٦.

(٥٤) أمين فرمان چيچو، القومية اليزيدية (جذورها – مقوماتها – معاناتها)، (بغداد: ٢٠١٠)، ٢٣٨.

(٥٥) عدنان زيان فرحان، الكرد و اليزيديون في إقليم كردستان، (السليمانية: مركز كردستان للدراسات، ٢٠٠٤)، ٣٤ -٣٦.

(56) Yurdaer ABCA, “Yezidilik ve Osmanlı Yönetiminde Yezidiler”, Yükse Lisans Tezi, Eskişehir Osmanl Gazi Üniversitesi, 2006,55.

- ئەگەرچی کوشتار ڕویداوە، بەڵام کوژۆانی ئەم ژمارەیە، گوماناوییە!.

(57) Evliya, IV, 49-51.

(٥٨) بەگشتی ئەمانە ناوە جیاوازەکانی یەزیدییەکانن. کە هەمویان خاوەنی یەك دین و کلتورن. پۆل پیر ڕێدرێزی، دەربارەی کوردە یەزیدییەکان، وەرگێرانی: هەلکەوت حەکیم، (هەولێر: چاپخانەی شەهاب، ٢٠١٣)، ٧٢ -٧٥.

(59) Evliya, IV, 316.

(60) Alpaslan, g.e, 141.

(٦١) پۆل پیر ڕێدرێزی، ٥٦ -٥٧.

(٦٢) پۆلَ ڕێدرێزی: زانایەکی فەرەنسیە کە لەبارەی هونەر و مێژووی مەسیحەکانیکۆندا لێکۆڵینەوەی هەیە. پۆلَ پیر ڕێدرێزی، ٢٤.

(٦٣) پۆل پیر ڕێدرێزی، ٥٦ -٥٧.

(64) Alpaslan, 39.

(٦٥) لەگەڵ ئەمەشدا ئەمرۆ هەندێ لە پیاوانی ئاینی یەزیدی و هەندێ لە ڕۆشنبیرانی کورد، یەزیدییەکان بە میلەتێکی سەربەخۆ دەزانن و هیچ پەیوەندییەکیان بە کوردەوە نابینن. ماکوان کەریم، ناساندنی چەند لێرەوارێک، (سلێمانی: چاپخانەی کەمال، ٢٠١٤)، ٩١ -٩٤.

(66) Evliya, IV, 47.

(67) Evliya, IV, 48.

(68) Evliya, IV, s. 48.

(٦٩) لە ئەدەبیاتی تورکی و عوسمانیدا کاتێک قسەیەك بەیەکێک بڵێن وەکو نارەزایی و دوعای خراپ لێی کردن، ئەوا پێی دەڵێن ئاشک ئۆلسون، واتە عاشق ببیت. ئەمەش وەکو دوعایەکی نیچمە خراپ بەکار دەهێنرت، نەوەك قسەیەکی خێر.

(70) Alpaslan, s.40-42.

(71) Evliya, IV, 48.

(72) Evliya, IV, 52.

(73) İzzet, s.105.

(74) Gündüz, 272-275.

(75) Evliya, IV, 52.

(76) Evliya, IV, 309. Evliya, IV, 56.

(77) Evliya, IV, 56.

(78) Osman Şentürk, Evliya Çelebi Seyahatnamesinde Folklorik Unsurları,(Yüksek Lisans TeziŞ Niğde Üniversitesi, 1999), 299-319؛MustafaAlpaslan, Evliya Çelebi Seyahatnamesi'nde Kürtler"، (Yüksek Lisans Tezi: Mardi Artuklu Üniversitesi,2014),119-122.

(79) İzzet, 121-125.

(80) Evliya, IV, s.50

(٨١) بۆ بینینی وێنەکە، بروانە پاشکۆی ژمارە (٢).

(٨٢) کلودیوس جیمس ریچ، گەشتنامەی ریچ بۆ کوردستان، وەرگێرانی: مەحەمەد، (هەولێر: چاپخانەی پەروەردە، ٢٠٠٢)، ٢٥٤.

# شنكال في سياحة أولياء جلبي

**الملخص:**


قضى اوليا جلبي معظم حياته في رحلات واسفار في مدن و قرى العالم ولكن رحلته الى المناطق التي كانت خاضعة للدولة العثمانية فيها الكثير من التفصيل. وقد كانت رحلاته لاداء مهمات حكومية كلفت بها في المناطق المختلفة ولكن لشغفه بالسفر استغل وجوده في تلك المناطق لجمع المعلوماتا لمفيدة الميدانية في القضايا السياسية والادارية والاجتماعية والعلمية. وقد اثمر رحلته الى المناطق ذات الغالبية الكوردية وخاصة في سنجار اثمر تعن جمع الكثير. تمتاز هذه المعلومات بكونها الى حد ما شمولية وفيه بعض الدقة ومتنوعة. وحين يصل اوليا جلبي الى سنجار مع الجيش العثماني يستغلو جوده هنا كلجمع المعلمومات مستخدم انفسال اساليب التي كانت يتبعه في المناطق الاخرى. وبحثنا هذا هو محاولة لتقديم صورة عن سنجار وحواليها كما فهمه اوليا جلبي لذلك يتكون البحث من مقدمة وثلاث فصولو بعض المباحث، ناقشنا في الفصل الاول مختصر سيرة اوليا جلبي وكتابه سياحتنامة والاسباب التي

كانت وراء رحلاته العديدة. وفي الفصل الثاني عرضنا المعلومات الواردة عن سنجار في السياحتنامة. و في الفصل الثالث سنتطرق الى الحياة الدينية والثقافية لشعب سنجار مركزا على الحياة الدينية والثقافية والملابسو الماكولات الشائعة في المنطقة مستندا الى كتاب السياحتنامة. وقد تمتقي يموت حليل المعلومات ومقارنتها بما موجود في المصادر الاخرى.

**الكلمات الدالة:** *أوليا جلبي، سياحتنامة، شنطال، سنجار، يزيدي.*

## Shengal in the tourism of Awliya Chalabi

**Abstract:**

The Ottoman voyager Evliya Çelebi spent most of his life with travelling to cities and countries over the world, especially, these places were under the Ottomans' ruling. Kurdistan and Shingal were part of these places which Evliya has travelled. Although Evliya appointed different positions in the Ottoman Empire, it was influenced by his travelling; however, he wanted travelling and sees new places. Besides that, Evliya has given importance to economic, religion, history and geography in everywhere which he visited. He used the same method to talk on Shingal which was using in his writing about other places. This study tries to show the Shingal and its population from Evliya's perspective. Therefore, this study consists of three sections with an introduction, the first section talks about Evliya Çelebi's life, and his travel book (Seyahatname) and the reasons of his travels. Section two provides information about Shingal according to the book of travel. The last section talks about Religion, Meals, Clothes and Culture in there according to the book of travel.

**Keywords:** *Evliya Çelebi, Seyahatname, Shingal, Sinjar, Yezidi.*

Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی